## زانکۆی ڕاپەڕین

## کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

## بەشی ماتماتیک

# ڕێبەری پرۆگرامی خوێندن بۆ سیستەمی هاوچەرخی کۆرسات

## ٢٠١٧-٢٠١٨

ئامانج لەم ڕێبەرە ئەوەیە کە ئێوە لەگەڵ بەشی ماتماتیک پەروەردەی بنەڕەت ئاشنا بکات. هیوادارین وەڵامی پرسیارەکانتان دەست بکەوێت. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەشەکەمان، پەیوەندی بکەن بە بەشی ماتماتیک پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەڕین.

**http://www.raparinuni.org**
**https://goo.gl/jj7TCW**
**https://goo.gl/XCajXY**
**https://www.facebook.com/uor.edu.mathematics**

## ناوەڕۆک


١ بەخێر هاتن بۆ بەشی ماتماتیک پەروەردەی بنەڕەت ........ ٢

٢ پوختەیەک دەربارەی بەشی ماتماتیک ........ ٣

٣ پەیامی بەش........ ٣

٤ دیدی بەش........ ٣

٥ ئامانجەکانی بەش........ ٤

6 دەرەنجامەکانی فێربوون ........ ٤

٧ شارەزایی پەیوەندیکردن و گفتوگۆ ........ ٤

٨ شارەزایی خوێندنەوەو توێژینەوە........ ٥

٩ دەرچووانی ئەم بەشە لە کوێ هەلی کاریان بۆ دەرەخسێت؟........ ٥

١٠ ڕێنماییەکانی ڕێککاری خوێندکارانی خوێندنی باڵا ........ ٥

١١ پرۆگرامی پێشنیار کراوی چوار ساڵەی خوێندنی بەکالۆریۆس(B.Sc.) بە شێوەی کۆرسات........ ١٠

١٢ کۆدی دەرسەکانی ماتماتیک ........ ١١

١٣ کۆدی دەرسەکانی زانکۆیی ........ ١١

١٤ کۆدی دەرسەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ........ ١١

١٥ چەند ڕێنماییەکی پێویست بۆ خوێندکارە خۆشەویستەکان ........ ١٢

١٦ ستافی بەشی ماتماتیک........ ١٤

# ١ بەخێر هاتن بۆ بەشی ماتماتیک پەروەردەی بنەڕەت

بەخێر بێن بۆ بەشی ماتماتیک لە پەروەردەی بنەڕەت

لە ڕاستیدا کە ئەو نامیلکەیە دەخوێنیتەوە ئەوە نیشان دەدات کە بەشی ماتماتیک بەلای تۆوە بەشێکی سەرنج ڕاکێشە، وە ئەو پیشەیەی کە تۆدەتەوێت هەڵی بژێری پیشەیەکی سود بەخشە لەبەرئەوەی لە داهاتودا دەبیت بەکادیرێکی باش و دەتوانی سود بەخۆت و دەوروبەرت بگەیەنیت.

## پەیامی سەرۆکی بەش

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەشی ماتماتیک لە زانکۆی ڕاپەڕین ناوبانگێکی باشی هەیە لە ڕووی بەرزی شێوازی فێرکردن و توێژینەوە بەهۆی ئەو ناوبانگەوە، بەیەکەوە لەگەڵ ئەو پەیوەندیەی کە هەمانە لەگەڵ پەروەردە دەرچوانی ئەم بەشە بۆ خزمەت کردنی بواری پەروەردە سودیان لێوەردەگیرێت. ستافی مامۆستایانی بەش لەگەڵ بونی ئەزمونێکی زۆر خۆیان تەرخان کردووە بۆ بەشەکەمان. ئارەزووەکانی تۆ هەرچیەک بێت ئەرکی ئێمە بەدیهێنانی ئامانجەکانی تۆیە لە زانکۆی ڕاپەڕین. ئە برۆشەرە(لفلێت) زانیاری سەرەتایی دەبەخشێت بۆ کۆرسەکەمان ، ئەو هەلانەی کە دێنە پێشت، یان هەر پرسیارێکت هەبوو دوو دڵ مەبە دەتوانی پەیوەندیمان پێوە بکەی. بەخێر هاتنتان دەکەین بۆ بەشی ماتماتیک.



م.ی. بەشدار عبداللە سلام                سەرۆکی بەشی ماتماتیک

## ٢ پوختەیەک دەربارەی بەشی ماتماتیک

ئەم بەشە یەکێکە لەبەشە زانستییەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەڕین لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) کراوەتەوە. ئەم بەشە دەرچووانی پۆلی(١٢)ی بەشی زانستی وەردەگرێت بۆ ساڵی خوێندن (٢٠١٧ - ٢٠١٨) بە شێوەی سیستەمی راستەوخۆی زانکۆیی خوێندن لەم بەشەدا بەشێوەی کۆرساتە و لە هەشت کۆرس پێکهاتووە، دەرچووانی بەشەکە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان (B.Sc) پێدەدرێت لەبەشی ماتماتیك، دەرچووانی ئەم بەشە دەتوانن بەپیشەی مامۆستا دابمەزرێن لەخوێندنگا بنەڕەتیەکان، هەروەها دەتوانن لەدامودەزگا حکومییەکان و کەرتی تایبەت دابمەزرێن و کاربکەن.

## ٣ پەیامی بەش

ماتماتیک بەشێکی گرنگە لە ژیانی رۆژانە و بناغەیەکە بۆ زانستەکانی تر. یارمەتی دەرە بۆ بیرکردنەوەیەکی ژیرانە. بەشی ماتماتیک پەروەدەی بنەڕەت هەوڵدەدات کە ئاستی خوێندن و زانستی بەشەکە بەرز بکاتەوە بە شێوازێک کە لەگەل رەوتی خوێندنی سەردەمیانەدا بگونجیت. ئەمەش پێویستی بە گۆڕین و پەرەپێدانی شێوازی وانەوتنەوەو بابەتی نوێ و تازە هەیە کە بەشەکە لە ئامانج و بەرنامەیدایە. بەشی ماتماتیک هانی ستافی ئەکادیمی وتوێژەرانی بەش و خوێندکارانی خوێندنی باڵا و خوێندکارانی زانکۆ و کارمەندانی دەدات بۆبیرکردنەوەی رە خنەگرانە و سەربەخۆیانە و خۆ ڕاهێنان لەسەر فێرخوازی بەردەوام و بەدەستهینانی شارەزایی لەبوارە جوراوجۆرەکانی ماتماتیکدا.

## ٤ دیدی بەش

بە مەبەستی فراوانکردنی ئاستی وانەبێژی و گەیاندنی یەکەکانی بابەتەکانی ماتماتیک، دیدی بەشەکەمان بریتییە لە:

- کردنەوی سەنتەری تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ماتماتیک سەرجەم خوێندکارانی زانکۆمان، کە راستەوخۆ لەلایەن بەشی ماتماتیک سەرپەرشتی بکرێت. ئەمە لە هاوشێوەی (Math Scope) کە لە زۆرێک لە زانکۆکانی بریتانیادا سودی لێوەردەگیرێت.
- زیادکردنی وانەی ڕێگاکانی وانەووتنەوەی ماتماتیک لە پاڵ زیادکردنی بابەتە ماتماتیکەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وانەبێژی بەشێوەی زانستیانە و سەردەمیانە.
- تیرۆانینی بەشی ماتماتیک بەدەستهێنانی بڕوانامەی نیشتمانی و نێودەوڵەتیە لەبواری توێژینەوە و ڕاهێنانی خوێندکاران بەمەبەستی دابینکردنی ئەو پێداویستیانەی کۆمەڵگا لەبواری پیشەسازی، کشتوکاڵ، تەندروستی و هتد.
- هەوڵدان بۆ بەشداریکردنی خوێندکارانمان لە خولەکانی وانەووتنەوەی ماتماتیک لە ناوخۆ و دەرەوە بەمەبەستی ئاشنابوونیان بە ڕێگا تازە و سەرکەوتووەکان لەو بوارەدا.

## ٥ ئامانجەکانی بەش

بەشی ماتماتیک لەسەربنەمای بەدیهێنانی کۆمەڵێک ئامانجی ئیش دەکات، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

- ئامادە کردنی مامۆستایەکی سەرکەوتوو، کە بتوانێت وانەکانی ماتماتیک بە جوانترین شێوەی زانستی بڵێتەوە.
- ئامادە کردنی توێژەری سەرکەوتوو.
- ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ قۆناغەکانی تری خوێندنی باڵا وەکو ماستەر و دکتۆرا.
- بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن لە بەکارهێنانی بابەتەکانی ماتماتیک لە ژیانی رۆژانەیاندا، تاکو بتوانن جگە لە بەشە پەروەردەییەکان، لە بازاری کاردا سودی لێوەربگرن.
- بەرهەم هێنانی کەسانی شارەزا و پرۆفیشناڵ لە بواری ماتماتیکدا کە هەرێمی کوردستان پێویستی پێیان دەبێت لەپرۆسەی گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوەدا.

## ٦ دەرەنجامەکانی فێربوون

خوێندکاران پێویستە ئەم زانیاری و توانایانە بەدەست بهێنن دوای تەواوکردنی بکالۆریوس لە زانستی ماتماتیک

- توانای جێبەجێکردنی هەموو ئەو بنەماسەرەکیانەی کە پێویستە لە مامۆستایەکی سەرکەوتوودا هەبێت لە ڕووی زانستی و پەروەردەیدا لە کاتی بوونی بە مامۆستا لە خوێندنگاکاندا.
- توانای دەستنیشانکردن و دارشتن و چارەسەرکردنی کێشە بیرکارییەکان.
- تێگەیشتنی بەرپرسیارێیەتی پیشەیی و ڕەوشتی.
- تێگەیشتنی یاسا بنەڕەتیەکانی لۆجیک بۆ جیا کردنەوەی دەستەواژە دروست و نادروستەکان لە بواری بیرکردنەوەی ماتماتیکیانەوە بێت یان خود لە ژیانی ڕۆژانەدا بێت.
- تێگەیشتن لەرۆڵی ڕێسا باوەکان یاخود گریمانەکان.
- توانای دەرهێنانی بنەما گشتییەکان لەنموونەوە.
- توانای بە مۆدێل کردنی کێشەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنیان.
- توانای نواندنی بیرۆکە نادیارەکان بە هێمای ماتماتیک و هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنیان بە تەکنیکی جیاواز.

## ٧ شارەزایی پەیوەندیکردن و گفتوگۆ

پێویستە دەرچووانی بەشی ماتماتیک کۆمەڵێک توانای باشی هەبێت لە گفتوگۆ و پەیوەندی کردندا لە وانە:

- توانای داڕشتن و دەربڕینی دەستەواژەی ماتماتیکی بەشێوەیەکی ورد و دروست.
- توانای نووسینی ماتماتیک.
- توانای پێشکەشکردنی زارەکی بۆ تاوتوێ ماتماتیکی.
- ئاشنا بوون بەتەکنیکی جۆراو جۆر بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی ماتماتیك لەباخچەی ساوایانەوە تاوکو قۆناغی ١٢ بەشێوەیەکی ئاسان و سەردەمیانە.

## ٨ شارەزایی خوێندنەوەو توێژینەوە

بەشێکی گرنگ لە ئامانجەکانی بەشی ماتماتیک ئەوەیە کە تاکێکی وەها بەرهەم بهێنین کە پشت بە خۆی ببەستیت لە خویندنەوە و توێژینەوەی زانستیدا، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دەرچوانمان هەندێک توانای تایبەتیان هەبێت لەوانە:

- شارەزایی تەواو لەزمانی ماتماتیک و بابەتە بنەڕەتیەکانیدا بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ پەرەپێدانی زانستی خۆی لەم بوارەدا لەڕێگای خوێندنەوەی سەربەخۆدا.
- ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە بیرکارییەکان و پەیدا کردنی شارەزایی و ئەزموونی سەرکەوتوو لە چارەسەرکردنیاندا.

## ٩ دەرچووانی ئەم بەشە لە کوێ هەلی کاریان بۆ دەرەخسێت؟

لەوانەیەدەرچووانی بەشی ماتماتیک ئاگاداری هەلەکانی کارکردن نەبن کە بۆیان دەڕەخسێ. هەرچەندە ئەمڕۆکە زۆربەی دەرچووانی بەشی ماتماتیک دەبن بە مامۆستا واتا لەکەرتی پەروەردە کار دەکەن، زۆر هەلی کاری تر دەرەخسێت لە کەرتە جیاوازەکانی تایبەتی و گشتی. هەندێ لەکارەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گونجاو نین بۆ دەرچووانی ماتماتیک، بەڵام پێویستیان بە باگراوندێکی بیرکاریانە هەیە. بۆیە زۆربەی جار دوای خولێکی ڕاهێنانی کورت، زۆر هەلی تری کاریان بۆ دەڕەخسێ. لەخوارەوە هەندێ نموونە دەخەینە ڕوو سەبارەت بەوەی کە ئایا دەرچووانی بەشی ماتماتیک دەتوانن چ جۆرە کارێك بکەن یاخود بچن بۆ کوێ بەمەبەستی دۆزینەوەی کار:

- تۆڕەکانی پەیوەندی کردن (کۆڕەك تیلیکۆم، ئاسیاسێڵ، کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت)
- کەرتی پەروەردە (کەلەئێستادا زۆربەی دەرچووانمان دەبن بەمامۆستا).
- خوێندنگە تایبەتیەکان.
- ئەو سەنتەرانەی کە کاریان کردنەوەی خولی بەهێزکردنی وانەی ماتماتیکە بۆ قۆناغەکانی خوێندن.
- کارکردن وەکو ژمێریار لە زۆربەی کۆمپانیاکان و سوپەرمارکێتەکان.
- توێژەر.
- کارکردن لە بواری سەربازی و ئاسایشی وڵات و پلاندانان.

## ١٠ ڕێنماییەکانی ڕێککاری خوێندکارانی خوێندنی باڵا

**ماددەی یەک:**

پێویستە هەموو خوێندکارێک ئەم ئەرکانەی خوارەوە پەیرەو بکات:

**یەکەم:** پابەندبوون بە یاسا و سیستەم و ڕێنماییەکان و ئەو فەرمانانەی کەوا زانکۆ یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ یان پەیمانگا دەریدەکات.

**دووەم:** ناشـــیرین نەکردنی ناوبانگی زانکۆ، یان دەســـتەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجوومەنی باڵای کوردســـتانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ یان پەیمانگا، بە قسە یان بە کردەوە، لە ناوەوە بێت یان لەدەرەوە.

**سێیەم:** دوورکەوتنەوە لە هەموو ڕەوشتێکی نەگونجاو لەگەڵ زانکۆ و پابەندبوون بە ڕێککاری بەرزو ڕێزگرتن لە ئیدارەو و دەستەی خوێندن و فەرمانبەران و پەیوەندی هاوڕێیەتی و هاوکاری نیوان خوێندکارن.

**چوارەم:** پابەندبوون بە سیستەم دڵنیایی و هێمنی زانکۆ، یان کۆلێژ یان پەیمانگا و بەش.

**پێنجەم:** پارێزگاری لە پێداویستیەکانی خوێندن و کەلوپەلی زانکۆ، یان کۆلێژ یان پەیمانگا و بەش بکات.

**شەشەم:** تێکنەدانی ڕەوتی خوێندن.

**حەوتەم:** نابێت بە خراپە باسی بیرو باوەڕی ئاینی، یان یەکڕیزی نیشتیمانی، یان هەستی نەتەوایەتی بکات.

## ماددەی دوو:

هەر خوێندکارێک کە پەیوەندی هاوڕێیەتی نیوان خوێندکاران تێکبدات، سزای وریاکردنەوە (تنبیە) دەدرێت.

## ماددەی سێ:

هەر خوێندکارێک کە یەکێک لەم سەرپێچیانەی خوارەوە بکات، ئەوا سزای ئاگادارکردنەوە (انذار) دەدرێت:

**یەکەم:** ئەگەر ســزا دراوبوو بە وریا کردنەوە(تنبیە) و ســزاکەی هەڵنەوەشــابووەوە و دووبارە کارێکی ئەنجامداوە ســزا درا بە وریا کردنەوە بۆ جاریکی تر.

**دووهەم:** ئەگەر سیستەم و دڵنیایی و هێمنی لە زانکۆ، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا، یان بەش تێکبدا.

**سێیەم:** ئەگەر قسەی ناشیرین بە یەکێک لە خوێندکاران بڵێت.

## ماددەی چوار:

هەر خوێندکارێک کە یەکێک لەم سەرپێچیانەی خوارەوە بکات، ئەوا سزای سەرزەنشت کردن (توبیخ) دەدرێت:

**یەکەم:** ئەگەر سـزا درابوو بە ئاگادارکردنەوە (انذار) و سـزاکەی هەڵنەوەشـابووەوە و دووبارە کارێکی ئەنجامدا و سـزادرا بە ئاگادار کردنەوە.

**دووەم:** ئەگەر قســـەی ناشـــیرینی بە یەکێک لە کارمەندانی زانکۆ، یان دەســـتەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا بڵێت، جگە لە ئەندامانی دەستەی خوێندن و خوێندکاران.

**سـێیەم:** ئەگەر بە هۆی کەمتەرخەمی، یان هەڵەی نا ئەنقەست (خطأ غیر متعمد) زیان بە کەلوپەلی زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی بگەیەنێت.

## ماددەی پێنجەم:

هەر خوێندکارێک لە زانکۆ، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا، یەکێک لەم سەرپێچیانەی خوارەوە بکات، ئەوا سزا دەدرێت بە دەرکردنی کاتی( فصل الموقت)، کە لە ساڵێکی خوێندن زیاتر نەبێت:

**یەکەم:** ئەگەر لە یەک ساڵدا دوو سزای سەرزەنشت کردن درابێت و سزاکەی هەڵنەوەشابێتەوە و دووبارە کارێکی ئەنجامداو سزای سەرزەنشت کردن بدرێت.

**دووەم:** ئەگەر بە کردەوە دەستدرێژی بکاتە سەر کارمەندانی زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ واری پزیشکیم یان کۆلێژ، یان پەیمانگا، جگە لە ئەندامانی دەستەی خوێندن.

**سێیەم:** ئەگەر توندوتیژی بەرامبەر خوێندکاران بەکاربهێنێت.

**چوارەم:** ئەگەر هەر جۆرە چەکێکی بە مۆڵەت، یان بێمۆڵەت لە ناو حەرەمی زانکۆ، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا هەڵبگریت.

**پێنجەم:** ئەگەر بە ئەنقەست زیان بە کەلوپەلی زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا بگەیەنێت.

**شەشەم:** ئەگەر یەکریزی نیشتیمانی تێکبدات و بە خراپە باسی بیروباوەڕی ئایینی، یان هەستی نەتەوایەتی بکات.

**حەوتەم:** ئەگەر قسەی ناشیرین بە یەکیک لە ئەندامانی دەستەی خوێندن لە زانکۆ، یان دەستەی پەیمانگاتەکنیکییەکان، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا، یان وانەبێژان بڵێت.

**هەشتەم:** ئەگەر سەلمێنرا، کە ماددە سەرخۆشکەرەکانی لە ناو حەرەمی زانکۆدا بەکارهێناوە، یان سەلمێنرا، کە لە ناو زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ، یان پەیمانگاسەرخۆشە.

**نۆیەم:** ناشیرینکردنی ناوبانگی زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا، یان بەش، بە قسە یان بە کردەوە، لە دەرەوە بیت یان لە ناوەوە.

**دەیەم:** پابەند نەبوون بە ڕەوتی خوێندن.

## ماددەی شەش:

هەر خوێندکارێک لە زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا، یەکێک لەم سەرپێچیانەی خوارەوە بکات، ئەوا سزا دەدرێت بە دەرکردنی یەکجاری (فصل نهائی):

**یەکەم:** دووبارە کردنەوەی یەکێک لەو کارانەی کە لە ماددەی پێنجی ئەم ڕێنماییەدا ئاماژەی پێکراوە.

**دووەم:** بەکردەوە دەستدرێژی بکاتە سەر یەکێک لە ئەندامانی دەستەی خوێندن، یان وانە بێژان لە ناو زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا.

**سێیەم:** نواندنی ڕەوشتی نە گونجاو لەگەڵ نەریت و ئادابی کۆمەڵگا لە ناو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا.

**چوارەم:** حوکم درابیت بە تاوانێک، یان کەتنێکی دژی شەرەف ( حکم عليه بجنابەاو جقە مخلە بالشرف).

**پێنجەم:** ئەگەر سەلمێنرا، کە ماددە هۆشبەرەکانی لەناو ناو زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا بەکارهێناوە.

## ماددەی حەوت:

**یەکەم:** ئەو سزایانەی کە لەم ڕێنمایەدا بڕیاری لەسەر دراوە، نابێتە بەربەست لە سەپاندنی هەر سزایەکی تر لەسەر خوێندکاری سەرپێچیکەر (مخالف)، کە یاسای سزادان دەقی لەسەر هێناوەتەوە، یان سەردەقێکی تری سزادان.

**دووەم:** ئەگەر هاتوو داوایەکی سزایی لە دژی خوێندکارێک بەرز کرایەوە لەسەر کردەوەیەک لەدەرەوەی ناو زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێژ، یان پەیمانگا، دەبێت سەیر کردنی سزا ڕێککارییەکەی دوا بخرێت تا ئەو کاتەی کە داوا سزاییەکە کۆتایی پێ دێت.

## ماددەی هەشت:

ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان ڕاگر لە کۆلیج لیژنەیەک پێکدەهێنێت بۆ ڕێککاری خوێندکاران ( لجنە انظباط الطلبە) بە سەرۆکایەتی یەکێک لە ئەندامانی دەستەی خوێندن کە پلەی زانستییەکەی نابێت لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر بێت و بە ئەندامێتی دو ئەندام لە دەستەی خوێندن کە پلەی زانستییان نابێت لە مامۆستا کەمتر بێت، هەروەها نوێنەری خوێندکاران لەم لیژنەیە زیاد دەکرێت، ئەم لیژنەیە لە پەیمانگا تەکنیکییەکان پێکدێت لە سێ ئەندام لە دەستەی خوێندن و نوێنەری خوێندکاران.

## ماددەی نۆ:

لە کاتی ڕوودانی هەر کارێک لەو کارانەی کە لە ماددەکانی پێنج و شەشی ئەم ڕێنماییەدا هاتوون ، لیژنەی ڕێککاری خوێندکاران سەیری بابەتەکە دەکات و پێشنیارەکان بەرز دەکاتەوە لە گەڵ سزای گونجاو بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان ڕاگری کۆلیج، یان ڕاگری پەیمانگا، بۆ پەسەند کردنی یان پێشنیاری تر لەم بارەیەوە.

## ماددەی دە:

**یەکەم:** سزای وریاکردنەوە(تنبیە) ، یان ئاگادارکردنەوە (انذار)، یان سەرزەنشتکردن (توبیخ) ، یان دەرکردن(فصل) بۆ ماوەی کەمتر لە مانگێک لە دەسەڵاتی ڕاگر دایە.

**دووەم:** سزای دەرکردن بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلێج ، یان پەیمانگا دایە.

**سێیەم:** سزای دەرکردنی کۆتایی (فصل النهایی) لە زانکۆ، یان دەستەی تەکنیکی، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی ، یان کۆلێج، یان پەیمانگای تەکنیکی لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەم لایەنانە دایە، لە سەر بنەمای پێشنیاری ئەنجومەنی کۆلێج، یان پەیمانگا.

## ماددەی یازدە:

ئەو خوێندکارەی کە لە زانکۆ، یان دەستەی خوێندنی تەکنیکی ، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی، یان کۆلێج، یان پەیمانگا دوور دەخرێتەوە، بۆی هەیە لە پاش ماوەیەک کە نابێت لە ساڵێک زیاتربێت و لە مانگێک کەمتر بێت سکاڵا بەرامبەر بەرپرسانی ئەو لایەنانە بەرز بکاتەوە کە بڕیاری دوورخستنەوەیان داوە ، لە ماوەی(١٥) ڕۆژ لە بەرواری ئاگادارکردنەوەکەی بە بڕیاری دوورخستنەوەی، یان لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە تابلۆی ئاگاداری کۆلێج، یان پەیمانگا، یان لە پاش بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە بە شێوەی کۆتایی.

بەڵام ئەگەر خوێندکارەکە بە شێوەی کۆتایی دوورخرابووەوە، مافی ئەوەی هەیە کە سکاڵا بەرز بکاتەوە لە سەر ئەنجومەنی زانکۆ، یان ئەنجومەنی دەستەی خوێندنی تەکنیکی ، یان ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ بواری پزیشکی و پێویستە ئەنجومەن وسەرۆکەکەی هەر کامێکیان بە پێی دەسەڵاتی خۆیان سەیری سکاڵاکە بکەن لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا لە بەرواری پێشکەشکردنی سکاڵاکە و پاشان بڕیارەکە بە کۆتا دەژمێردرێت.

## ماددەی دوازدە:

بڕیاری سزادان لە تابلۆی ئاگاداری کۆلێج، یان پەیمانگا هەڵدەواسرێت بۆ ماوەیەک کە نابێت لە هەفتەیەک کەمتر بێت و کەسوکاری خوێندکارەکەش بە شێوەیەکی نووسراو لە سزاکە ئاگادار دەکرێنەوە و خوێندکارەکەش بانگ دەکرێت بە مەبەستی تێگەیاندنی لە هۆی سزادانەکەی.

## ماددەی سێزدە:


ئەم ڕێنماییانە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە و لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠٠٩) جێ بە جێ دەکرێت.

## ١١ پرۆگرامی پێشنیار کراوی چوار ساڵەی خوێندنی بەکالۆریۆس (B.Sc.) بە شێوەی کۆرسات

| First Year (Freshman) | | Second Year (Sophomore) | | Third Year (Junior) | | Fourth Year (Senior) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Fall | Spring | Fall | Spring | Fall | Spring | Fall | Spring |
| Foundation MTH612 | MTH611 Calculus 2 MTH614 | MTH614 Calculus 3 MTH421 | MTH313 Probability & Statistic MTH624 | MTH614 MTH612 Math Analysis MTH532 | MTH611 MTH612 Numerical Analysis MTH635 | MTH532 Topology MTH541 | MTH223 Geometry MTH543 |
| Calculus 1 MTH611 | Elementary Statistic MTH313 | Elementary Geometry MTH223 | MTH611 Linear Programming MTH426 | MTH614 Ordinary Differential Equation MTH531 | Optional (Mathematic) MTH236 | MTH421 MTH532 Complex Analysis MTH542 | * Graduation Research MTH444 |
| The Philosophy & Basic Education EDB211 | General Psychology EDB212 | MTH612 MTH614 Linear Algebra MTH622 | Computer programing MTH625 | Optional (Computer) MTH333 | MTH612 Abstract Algebra MTH634 | Measurement & Evaluation EDB341 | * Viewing Application EDB443 |
| IT UNI511 | Academic Debate UNI414 | Educational Psychology EDB321 | Child Development Psychology EDB322 | General Teaching Methods EDB331 | EDB331 Private Teaching Methods EDB332 | Educational Administration EDB242 | |
| English Language (E) UNI213 | Kurdology UNI412 | UNI215 English Language (I) UNI021 | Psychological Health Guidance EDB223 | | Research Methods EDB333 | | |
| | UNI213 English Language(PI) UNI215 | | UNI021 English Language(AW) UNI022 | | | | |

Key:

| |
|---|
| University Requirements |
| College Requirements |
| Mathematic Requirements |




* = At least 100 credits should be passed

## ١٢ كۆدی دەرسەکانی ماتماتیک

| Course Modules | Year | Course Credit | Course Code | Language |
|---|---|---|---|---|
| Calculus I | 1 | 6 | MTH611 | English |
| Foundation of Mathematics | 1 | 6 | MTH612 | English |
| Elementary Statistic | 1 | 3 | MTH313 | English |
| Calculus II | 1 | 6 | MTH614 | English |
| Calculus III | 2 | 4 | MTH421 | English |
| Linear Algebra | 2 | 6 | MTH622 | English |
| Elementary Geometry | 2 | 2 | MTH223 | English |
| Probability & Statistic | 2 | 6 | MTH624 | English |
| Computer Programming | 2 | 4 | MTH625 | English |
| Linear programing | 2 | 4 | MTH426 | English |
| Ordinary Differential Equations | 3 | 5 | MTH531 | English |
| Mathematical analysis | 3 | 5 | MTH532 | English |
| Optional(Computer) | 3 | 3 | MTH333 | English |
| Abstract Algebra | 3 | 6 | MTH634 | English |
| Numerical Analysis | 3 | 6 | MTH635 | English |
| Optional(math) | 3 | 2 | MTH236 | English |
| Topology | 4 | 5 | MTH541 | English |
| Complex analysis | 4 | 5 | MTH542 | English |
| Geometry | 4 | 5 | MTH543 | English |
| Graduation Research | 4 | 4 | MTH444 | English |

## ١٣ كۆدی دەرسەکانی زانكۆیی

| Course Modules | Year | Course Credit | Course Code | Language |
|---|---|---|---|---|
| Information Technology | 1 | 5 | UNI511 | English |
| Kurdology | 1 | 4 | UNI412 | English |
| English language(Elementary) | 1 | 2 | UNI213 | English |
| Academic Debate | 1 | 4 | UNI414 | English |
| English language(pre-Intermediate) | 1 | 2 | UNI215 | English |
| English language(Intermediate) | 2 | 0 | UNI021 | English |
| English language(Academic Writing) | 2 | 0 | UNI022 | English |

## ١٤ كۆدی دەرسەکانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

| Course Modules | Year | Course Credit | Course Code | Language |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| The Philosophy & Basic Education | 1 | 2 | EDB211 | English |
| General Psychology | 1 | 2 | EDB212 | English |
| Educational Psychology | 2 | 3 | EDB321 | English |
| Child Development Psychology | 2 | 3 | EDB322 | English |
| Psychological Health Guidance | 2 | 2 | EDB223 | English |
| General Teaching Methods | 3 | 3 | EDB331 | English |
| Private Teaching Methods | 3 | 3 | EDB332 | English |
| Research Methods | 3 | 3 | EDB333 | English |
| Measurement & Evaluation | 4 | 3 | EDB341 | English |
| Educational Administration | 4 | 2 | EDB242 | English |
| Viewing Application | 4 | 4 | EDB443 | English |

## ١٥ چەند ڕێنماییەکی پێویست بۆ خوێندکارە خۆشەویستەکان

١) لەم ساڵی خوێندنەوە (٢٠١٧-٢٠١٨) بەشەکەمان بە تەواوەتی شێوازی خوێندنەکەی لە خوێندنی ساڵانەوە دەگۆڕدرێت بۆ خوێندنی کۆرسات، واتە خوێندن لەم بەشەدا زۆر جیاواز دەبێت بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوتر و بگرە تەواو جیاواز دەبێت لە هەموو زانکۆ حکومیەکانی کوردستان.

٢) ئەم شێوازە لە خوێندن سەردەمییە و لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان پەیڕەو دەکرێت بە نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەواوی زمانی خوێندن لەم بەشەدا بە ئینگلیزیە.

٣) خوێندکار هەشت کۆرسی خوێندن وەردەگرێت کە پێک دێن لە بابەتەکانی زانستی ماتماتیک لە هەر دوو بواری تیۆری و پراکتیکی، زانستی کۆمپیوتەر، زمانی ئینگلیزی و وانە پەروەردەییەکان.

٤) هەر کۆرسێک پێک دێت لە چواردە هەفتەی خوێندن و یەک هەفتەی پێداچونەوە و لە کۆتایی دا تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس دێت.

٥) لە کۆتایی هەفتەی حەوتەمی خوێندن تاقیکردنەوەیەک دەکرێت بە ناوی Mid-Term کە لە گەڵ کویزەکان و غیابات و ... چل دەرەجەی لە سەر دەبێت و شەست دەرەجەش لە سەر تاقیکردنەوەی کۆتایی دەبێت.

٦) لەم سیستەمەدا شێوازی پەڕینەوەی وانە نامێنێت، بە واتایەکی تر ئەگەر خوێندکار لە هەر وانەیەک کەوت دەبێت ئەو وانەیە بخوێنێتەوە، دەکرێت بچێتە کۆرسێکی ترەوە بەڵام هەموو ئەو وانانەی کە پەیوەستن بە وانە کەوتووەکەوە ناتوانێت بیانخوێنێت.

٧) هەر خوێندکارێک لە دەرسێک بکەوێت لە کۆتایی هەمان کۆرس دا و پێش دەستپێکردنەوەی کۆرسی نوێ چانسێکی دوبارەی پێدەدرێتەوە و جارێکی دیکە بەشداری تاقیکردنەوەی دووەم دەکات. ئەگەر لەم تاقیکردنەوە دەرچێت بە دەرچوو هەژمار دەکرێت بەڵام ئەگەر بکەوێت دەبێت لە یەکێک لە کۆرسەکانی داهاتوو لەم دەرسە دانیشێتەوە تا دەردەچێت. هەر

خوێندکارێک لە چانسی دووەم لە تاقیکردنەوەکان دەربچێت دەرەجەی شایستەی بۆ هەژمار دەکرێت واتا هەرچی لەسەرەوەی ٥٠ بهێنێت دابەش ٢ دەبێت.

٨) لێرەدا مەرج نییە خوێندکار بە چوار ساڵ خوێندنی بکالۆریۆس تەواو بکات بەڵکو کەوتۆتە سەر توانای خوێندکار و سەرکەوتنی لە وانەکاندا. هەر خوێندکارێک بۆی هەیە لانی زۆر دوازدە کۆرس کە دەکاتە شەش ساڵی خوێندن وەربگرێت. ئەگەر لەم ماوەیە نەتوانێت تەواوی بکات لە خوێندن بێبەش دەکرێت.

٩) لانیکەمی یەکەکانی پێدراو لە هەر کۆرسێک دا نابێت لە دوازدە یەکە کەمتر بێت، جگە لە هەندێک حاڵەتی تایبەت کە لە لایەن زانکۆوە دیاری دەکرێت. ئەگەر کەسێک لە یەکێک لەم حاڵەتە تایبەتانەدا کەمتر لە دوازدە یەکەی پێدرا ئەم کۆرسەی لە کۆی گشتی دوازدە کۆرسەکەی ئاماژەمان پێکرد بۆ هەژمار ناکرێت. هەروەها لە هەندێک حاڵەتی تایبەتدا کە زانکۆ دیاری دەکات خوێندکار دەتوانێت بۆ ماوەی کۆرسێک یا دوو کۆرس داوای ئیجازە بکات و ئامادەی دەوام نەبێت و لە کۆی گشتی ١٢ کۆرسەکەش هەژمار نەکرێت وەکو نەخۆشی یان ئیجازەی دایکایەتی و ...

١٠) لەم سیستەمەدا پەیڕەوی یاسای پاداش و سزا دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ) ئەو خوێندکارانەی لە کۆرسێک دا ناوەندی دەرەجەکانیان ٦٠ یان کەمتر بێت ئەوا لە کۆرسی داهاتوو تەنها ١٢ یەکەیان پێدەدرێت.

ب) ئەو خوێندکارانەی لە کۆرسێک دا ناوەندی دەرەجەکانیان ٨٥ یا زیاتر بێت ئەوا لە کۆرسی داهاتوو بە پێی گونجانی بارودۆخەکە تا ٢٤ یەکەیان پێدەدرێت.

١١) نابێت هیچ پۆلێکی خوێندن لە ١٠ کەس کەمتر بێت ، ئەگەر لەم بڕە کەمتر بێت دەرسەکە لەم کۆرسە دا پێشکێش ناکرێت و بۆ کۆرسەکانی دواتر دوادەخرێت.

١٢) هەر کەس لە هەر دەرسێک زیاتر لە سێ وانە ئامادە نەبێت ئەم دەرسەی لێ دەستێندرێتەوە و مافی بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەی ئەو دەرسەی نابێت.

١٣) خوێندکار دەبێت ئەم ڕاستییە بزانێت کە مەنهەج و شێوازی بەشەکەمان تەواو جیاوازە لە بەشە هاوشێوەکانمان لە زانکۆکانی تری کوردستان. لە بەر ئەم هۆکارە وەرگرتن و گواستنەوەی خوێندکار لەم سیستەمە دا سنوردار دەکرێت، کۆی ئەو دەرسانەی کە بۆ خوێندکاری وەرگیراو لە شوێنەکانی ترەوە هەژمار دەکرێت لە لێژنەیەکی تایبەت دا یەکلایی دەکرێتەوە و هەر خوێندکارێک داوای گواستنەوە بکات بۆ شوێنێکی تر دەبێت لەو زانکۆیەی بۆی دەچێت بارودۆخی دەرسەکانی خوێندراو لێرە، یەکلایی کرێتەوە و بەرپرسیارێتیش لە ئەستۆی خۆی دەبێت و زانکۆ هیچ بەرپرسیارێتیەک لە ئەستۆ ناگرێت.

١٤) خوێندکار لەم شێوازەدا دەبێت بە سەنتەر بە وەی کە زیاتر ئەرکی گەڕان و فێر بوون و بیرکردنەوە لە ئەستۆ دەگرێت، ئەمەش پێچەوانەی شێوە کلاسیکێکەیە کە خوێندکار زیاتر گوێگر دەبێت و کەمترین ئەرکی لەسەرە لە پرۆسەی فێر بووندا.

١٥) خوێندکار دەبێت دوای خوێندنەوەی نامیلکەی پێدراو، بەم مەرجانە ڕازی بێت و بەڵێننامەی یاسایی پڕ بکاتەوە و واژوی لە سەر بکات بۆ ئەوەی وەکو خوێندکار بە فەرمی وەربگیرێت.



**Mr. Bashdar Abdullah Salam**
Head of Mathematics Department & Lecturer

**B.Sc.** **Mathematics**
*Duhok University, Duhok , Iraq*

**M.Sc.** **Applied Mathematic / Numerical Analysis**
*Chester University, Chester, UK*

**Special Research Area:** Numerical Analysis

**Interested Research Areas:** Numerical Analysis

**Email Address:** bashdar.abdullah@uor.edu.krd
**Phone Number:** +964 (0) 751 024 4618



**Dr. Sarbaz Hamza Abdullah**
Lecturer & Researcher

**B.Sc.** **Mathematic**
*University of Sulaimani , Sulaimani, Iraq*

**M.Sc.** **Integral Equations**
*University of Sulaimani , Sulaimani, Iraq*

**Ph.D.** **Mathematical Modelling**

*University of Leicester, Leicester, England, UK*

**Special Research Area:** Mathematical Modeling in Systems Biology

**Interested Research Areas:** Model reductions in biochemical reaction networks; Mathematical models for spread of infectious diseases; Ecological Models; Computational Simulations in Systems Biology; Enzymatic Reactions

**Email Address: :** sarbaz.hamza@raparinuni.org
**Phone Number:** +964 (0) 750 3161780



**Dr. Eghbal Hosseini**
Lecturer & Researcher

**B.Sc.** **Applied Mathematic**
Razi University, Kermanshah , *Iran*

**M.Sc.** **Set Covering Programming Problem and Network Flows**
*Kurdistan University, Sanandaj, Iran*

**Ph.D.** **Solving Linear, Quadratic and Non-Linear Bi-Level Programming Problem**

*Payame Noor University,* Tehran, *Iran*

**Special Research Area:** Optimization

**Interested Research Areas:** Network Optimization

**Email Address:** eghbal_math@yahoo.com
**Phone Number:** +964 (0) 750 182 1346



**Mr. Abobakr Mostafa Ahmad**
Lecturer

**B.Sc.** **Applied Mathematic**
*Payame Noor University*, Miandoab, *Iran*

**M.Sc.** **Applied Mathematic / Numerical Analysis**
*Kurdistan University, Sanandaj, Iran*

**Special Research Area:** Calculus of Variation

**Interested Research Areas:** Optimal control

**Email Address:** abubakr.mustafa@uor.edu.krd
**Phone Number:** +964 (0) 751 058 2859



**Mr. Heydar Moradi**
Lecturer

**B.Sc.** **Applied Mathematic**
*Kurdistan University, Sanandaj, Iran*

**M.Sc.** **Pure Mathematic / Graph Theory**
*Zanjan University, Zanjan, Iran*

**Special Research Area:** Graph Theory

**Interested Research Areas:** Graph Coloring

**Email Address:**heydar.m1978@yahoo.com
**Phone Number:** +964 (0) 750 363 3269



**Mr. Hedayat Mohammad Sharif**
Lecturer

**B.Sc.** **Applied Mathematic**
*Payame Noor University*, Mahabad, *Iran*

**M.Sc.** **Pure Mathematic / Mathematical Analysis**
*Urmia University, Urmia, Iran*

**Special Research Area:** Real Analysis

**Interested Research Areas:** Mathematical Analysis

**Email Address:** hedayat9451@gmail.com
**Phone Number:** +964 (0) 750 888 9879



**Mr. Miran Bayan Mohammed Amin**
Lecturer

**B.Sc.** **Mathematic Science**
*University of Sulaimani , Sulaimani , Iraq*

**M.Sc.** **Mathematic Science / Numerical Analysis**
*University of Sulaimani , Sulaimani , Iraq*

**Special Research Area:** Numerical Analysis

**Interested Research Areas:** Numerical Treatment for Solving Linear Fractional-Order Volterra Integro-Differential Equations with Constant Time-Delay of Retarded Type

**Email Address:** miran.bayan@uor.edu.krd
**Phone Number:** +964 (0) 770 192 8428



**Mr. Rebin Mohammed Hassan**
Lecturer

**B.Sc.** **Mathematics**
*Salahaddin University-Erbil, Erbil , Iraq*

**M.Sc.** **Mathematics\Algebra**
*Salahaddin University-Erbil, Erbil , Iraq*

**Special Research Area:** Abstract Algebra

**Interested Research Areas:** Abstract Algebra and linear Algebra

**Email Address:** Rebin.srwsht@gmail.com
**Phone Number:** +964 (0) 750 342 3642



**Mrs. Zuzan Naaman Hassan**
Lecturer

**B.Sc.** **Mathematics**
*University of Salahaddin , Arbil , Iraq*

**M.Sc.** **Mathematics**
*UTM University, Malaysia*

**Special Research Area:** Abstract Algebra

**Interested Research Areas:** Group Theory

**Email Address:** zuzan.hassan@raparinuni.org
**Phone Number:** +964 (0) 750 193 1358



**Mrs. Kwestan Ahmed Ismael**
Lecturer

**B.Sc.** **Degree in Statistics Sciences**
*University of Sulaimani , Sulaimani , Iraq*

**M.Sc.** **Degree in Statistics Sciences**
*University of Sulaimani , Sulaimani , Iraq*

**Special Research Area:** Regression in Biostatistics

**Interested Research Areas:** Poisson and Negative Binomial Regression Models for Count Data with Applications

**Email Address:** kwestanahmed@raparinuni.org
**Phone Number:** +964 (0) 750 397 04 30



**Mr. Hemn Mahmud Khdr**
Lecturer

**M.Sc.** **Economic Statistics**
*University of Leister, the United Kingdom*

**Special Research Area:** Behavioral economics, Econometrics

**Interested Research Areas:** Development Economics, rationality

**Email Address:** hemnkhdr@uor.edu.krd
**Phone Number:** +964 (0) 750 3163279



**Mr. Abdulla Mustafa Perot**
Administration

**B.Sc.** **Computer & Mathematics**
*Raparin University, Rania, Iraq*

**Email Address:** abdulla.mastafa@raparinuni.org
**Phone Number:** +964 (0) 750 233 9492



**Mr. Faruq Watman Qadir**
Administration

**B.Sc.** **Computer & Mathematics**
*Raparin University, Rania, Iraq*

**Email Address:** faruq.watman@uor.edu.krd
**Phone Number:** +964 (0) 750 133 5500

سپاس و پێزانین

سپاس و پێزانینمان هەیە بۆ ئەم زانکۆ و کەسایەتیانەی خوارەوە کە بۆ دارشتن و نووسینی ئەم رێبەرە یارمەتیان داوین:

- ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت
- زانکۆی کۆمار لە سلێمانی
- بەشی ماتماتیک کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی
- بەشی پەرستاری زانکۆی ڕاپەڕین
- بەشی ئەندازیاری شارستانی زانکۆی ڕاپەڕین
- بەرێز دکتۆر عبدالباسط لە زانکۆی کۆیە
- بەرێز دکتۆر ڕیبوار سەرۆکی دڵنیایی جۆری زانکۆی ڕاپەڕین
- مامۆستایان گرێبەستی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵات کوردستان

ئامادەکردن و پێداچوونەوە لە لایەن:

١. د. سەرباز همزە عبدالله
٢. بەشدار عبدالله سلام
٣. ابوبکر مصطفی احمد
٤. هدایت محمد شریف
٥. حیدر ناصر مرادی
٦. ڕێبین محمد سعید